گۆڤارێکی فکریی و کۆمەڵگ
جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم






# پۆل ریکۆر و لێکدانەوە

د. ئازاد حەمە

## سەرەتا:

پۆل ریکۆر Paul Ricœur (١٩١٣–٢٠٠٥) فەیلەسوفی فەرەنسی هاوچەرخە و ناوی لەگەڵ تەوژمی فەلسەفەی هێرمێنۆتیك hermeneutic (تیۆری لێکدانەوە، تەئویل) و فێنۆمێنۆلۆژی phenomenology (دیاردەناسی) فەرەنسی رۆشتووە و لەئاستی نێودەوڵەتیش بەوەناسراوە کە کودەتای لەبواری هێرمێنۆتیکی فێنۆمێنۆلۆژیدا کردوە. توێژینەوەکانی تەنیا تێکستیان نەگرتوەتەوە بەڵکو بواری یاد، گێرانەوە، خوێندنەوەی تەورات، شیکردنەوەی زمانەوانی، میتافۆر، مێژوو و ئەفسانەشی لەخۆگرتووە. ئەگەرچی سەرەتا کەوتوەتە ژێر کاریگەری گابریێل مارسێلەوە، بەڵام دواتر کارل یاسپەرز و بەگشتیش فەلسەفەی فێنۆمێنۆلۆژی ئەڵمانی، بە نوێنەرایەتی هۆسێرل، کاریگەریێ گەورەی لەسەر فەلسەفەکەی داناوە و، ئەمەش وایکردوە چ لەرێگای وەرگێرانی بەشێ لەکارەکانی هۆسێرل بۆ سەر فەرەنسی (بۆنموونە کتێبی ئیدیاکان) و چ لەرێگای نوسینی تێزی ئەکادیمی لەبارەی ناوبراوەوە توانیویەتی ببێ بە جەمسەریکی سەرەکی لە وتاری فێنۆمێنۆلۆژی فەرەنسی هاوچەرخدا. وەك یتریش ریکۆر لەناو هزری فەلسەفی (١٩٦٠)کانی فەرەنسا تەقەلایکە بۆ رووبەرووبونەوەێ فەلسەفیانەی بنەماخوازی کە دەیویست گۆرەپانی هزری فەرەنسی و فەلسەفەی کۆنتنێتال

گۆڤارێکی فکرییە دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

داگیربکات. ئەو دەمەی روناکبیری بنەماخوازی لەژێر کاریگەری کارە بنەمایییەکانی بارت، شتراوس، لاکان و فوکۆ برەویخۆی لەبواری نیشانەناسی و مرۆڤناسی و شیکردنەوەی دەرونی و مێژووی هزر وەردەگرت، ریکۆر سیستماتیکانە کاری بۆ رەتکردنەوەی ئەم جۆرە روناکبیریە دەکرد. لە کتێبەکانیدا پردێکی لەنێوان هێرمێنۆتیك و پۆلەکانی تری زانین (دەروونناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، زمانەوانی) دروستکردوە و پرۆژە فەلسەفیەکەشی سەرتاپا نووقمی هێرمێنۆتیك کردوە و بەهۆشیەوە بۆچوونی خۆی لەبارەی بنەماخوازی فەرەنسی، بەتایبەت ئەنترۆپۆلۆژی لیڤی شتراوس، و فێنۆمێنۆلۆژی نمایشکردوە، هەربۆیە لایخوارەوە و لە میانەی دوو تەوەرەوە و بەهۆی خوێندنەوەی دوو کاری فەلسەفی ئەم بیرمەندە فەرەنسییەوە («» تیۆری لێکدانەوە»») و «» ململانێی لێکدانەوەکان»») قسە لە تێگەیشتنەکانی سەبارەت بە لێکدانەوە دەکەین.

١-تیۆری لێکدانەوە

ریکۆر لە کتێبی «» تیۆری لێکدانەوە»»١) وا لە خوێنەر دەکات رووبەرووی چەندین لایەن تایبەت بە تێکست، یان نوسین ببێتەوە، لەوانە: کێیە قسەکەر یان نوسەر؟ مرۆڤ کە قسەدەکات مەبەستی چییە؟ کەی مرۆڤ دەنوسێ؟ کەی مرۆڤ مەبەستی شتێکە پتر لەوەی دەیلێ؟ هەروەها مەبەست لە تێگەیشتن لە وتار چییە، کاتێ ئەو وتارە تێکستێك بێ یان کارێکی ئەدەبی؟ ئەمەو چۆن مانا بۆ وتاری نوسراو زیاددەکەین؟

پرۆژەی فەلسەفی ریکۆر فرەئاقار و تۆگمەیە و خودی واتای یان تیۆری لێکدانەوەش مانایی گەورەی تیادەبینێ، یاخود سیستمی فەلسەفی ریکۆر، لەگەڵ دەرکەوتنی تیۆری لێکدانەوەی کردوە بەکۆڵەکەی خۆی و کێڵگەی بەپیتیش بۆ پەرەدان بە وتاری هزری خۆی،بۆئەوەی ریکۆر تیۆریێ نوێ تایبەت بە لێکدانەوە هیچنەبێ لەو دەمووەختەی بنەماخوازی لە لوتکەدابوو نمایشکات، رووبەرووی تیۆری زمانی ئەو دەمە دەبێتەوە، کە دەبێ بە سەکۆی تیۆری بنەماخوازی. بۆیە جەختی ریکۆر لە کتێبی «» تیۆری لێکدانەوە»» جۆرە کۆششێکە بۆ پێشنیارکردنی فەلسەفەی تایبەت بە زمان و وتن لەسەر کێشەکانی زمان، هەروەها ئەم توێژینەوەیەی ریکۆر کارکردنە لەسەر زمان وەك وتار. وتاریش پێویستی بەوەیە لە قۆناغی گۆوە بەرەو قۆناغی نوسین بروا. ئەو کێشەی زمانەی ریکۆر لەم نوسینەیدا باسیلێوەدەکات تازە نییە، بەڵام بەشێوازی تازە بەرباسیدەخات و زمانیش وەك وتار دەخاتەروو. ئەلبەتە بەهۆشیەوە ئەو پێوەندییە ناکۆکیئامێزەش بەرباسدەخات کە لەنێوان روونکردنەوە و تێگەیشتن دا هەیە. ریکۆر ئاماژە بۆئەوەشدەکات کە پێشتر ئەفلاتوون لە دیالۆگی کراتیلۆس Cratylus ئەوەی روونکردوەتەوە کە «راستی» لە وشە، یان ناوە گۆشەگیرەکاندا هەردەمێنێتەوە، کە یەکلاکراوەنەبێ، چونکە ناونان هێزی یان کاری قسەکردن لەناونابا. لۆگۆسی زمان بەلانیکەمەوە داوای ناو یان کردارێت دەکات و تێهەلکێشانی ئەم دوو وشەیەش پێکەوە، ئەو یەکێتیە پێکدێنێ کە لەنێوان زمان و هزر دا پێکدێت.

ئەم کێشەیە لای ئەفلاتون، بەتایبەت لە کارەکانی سەردەمی پاش لاوی وەك تیاتێتۆس (Theaetetus)و سۆفیست (Sophist)، دوبارەدەبێتەوە. هاوکات ئەفلاتون لەم دوو کارەیدا بایەخ بەو پرسیارەش دەدات کە چۆن هەلە دەشێ شیاوبێ، واتە گەر قسەکردن هەمیشە بریتیبێ لە وتنی شتێ، چۆن دەکرێ شتێ بووترێ کە ئەوەنەبێ. ئەلبەتە ئەفلاتون لەو دوو بەرهەمەدا ئەوەشمان پێدەلێ کە وشە لەخود یخۆیدا نە راستە و نە هەلە و، پێکهاتەی وشەکانیش رەنگە شتێ بگەیەنن و هیچیش نەگەیەنن. ئەوەی کە لەماوەوە زۆر سەیریشە ئەوەیە، کە هەڵگری ئەم پارادۆکسە، دوبارە، دێرە نەك وشە. وەکیتریش ئەوە یەکەم کۆنتێکست بووە کە وتاری تیادۆزراوەتەوە: واتە راست و هەلە پاشماوەی وتارن و وتاریش پێویستی بە دوو ئاماژەی سەرەکیە، کە یەکێیان ناوە و ئەویتر کردار. هەردوو لاش بەپێکهاتەیەکەوە پەیوەستن، کە سنوری وشەکان بەجیا تێدەپەرێنن. تەنانەت خودی ئەرستۆش هەمانشت لەو سەروتارەی دا دەلێ کە «لەبارەی لێکدانەوە»وە نوسیویەتی. بەبۆچوونی ئەرستۆ ناو مانای هەیە و کرداریش، لەگەل ئەوەی کە بۆ مانا گۆشەگیرە. هێمایە بۆ کات. ئەلبەتە یەکئالانیشیان پێکەوە ئەو یەکانگیریە دروستدەکات کە دەشێ ناونرێ لۆگۆس یان وتار. ئەم لایەنەش کە ریکۆر دەیگێرێتەوە بۆ جەختکردنیەتی لە کۆنی کێشەی زمان، زمان وەك وتار، بەلام ریکۆر هەولدەدا ئەم کێشەیە بەجۆرێ تازە و بەهۆی بەکاربردنی زاراوەی نوێوە چارەسەربکات. کێشەی وتاریش لە میانەی زانستی زمانەوە بووە بە کێشەێ راستەقینە، چونکە وتاری ئێستا لە بەرامبەر زاراوەێ پێچەوانە دادەنرێ، کە فەیلەسوفە کۆنەکان ئاشنانەبوونە پێی. ئەم زاراوە پێچەوانەیەش ئەمرۆ بابەتی سەربەخۆی توێژینەوەی زانستییە. ئەوەش کە بنەمای دیاریکراو دەخاتەسەر سیستمە زمانەوانیەکان کە ئێمە وەك زمانە جۆراوجۆرەکان دەیناسین، کە گرووپە زمانەوانییە جیاکان قسەیپێدەکەن، کۆدی زمانەوانییە. کەوابێت زمان لێرە نە بەمانای توانای قسەکردن دێ و نەش بە مانای شیاوی هاوبەش بۆ ئاخاوتن،بەلکو ئاماژەیە بۆ بنەمای دیاریکراوی سیستمی زمانەوانی تایبەت. بەپێی تێگەیشتنی ریکۆریش بێ لەگەل هەردوو وشەی «بنەما» و «سیستم» کێشەێ نوێ سەریهەلداوە، کە بەلانیکەمەوە بوەتە هۆی دواخستنی کێشەی وتار، گەرنەبووبێتە هۆی لەغوکردنەوەی. ئەم لایەنەش وایکردوە خەمی ریکۆر لەم روەوە دەربازکردنی وتار بێ لە پەراوێزبوون نەك شتێتر.

هاوکات ریکۆر سەرنجمان بۆئەوەش ، کە کشانەدواوەی کێشەی وتار لە لێکۆلینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان ئەو نرخەیە وتار دەیدا بەو پێشکەوتنەی کتێبەکەی زمانەوانی ناسراوی سویسری فردیناند دۆ سۆسێر «» وانەکان لەمەر

زانستی زمانەوانی گشتی»» بەدەستیهێناوە. ئەوەش کە وایکرد ئەم کارەی سۆسێر هێزی بێپایان لە زانستی زمانی هاوچەرخ پەیداکات، ئەو جیاوازیەیە سۆسێر لەو کارەیدا لەنێوان زمان وەك زمان (Languc) و زمان وەك ئاخاوتن (Parolc) کردویەتی. ئەوەش کە بۆ ریکۆر جێی سەرنجە ئەوەیە، کە سۆسێر باس لە وتار ناکات، بەڵکو لە ئاخاوتندەکات.

سەرباری ئەوەی وترا، دەشێ هێما بۆئەوەشکرێ، ریکۆر وای بۆدەچێ گەر لەو دابەشکردنەوە دەستپێکەین کە سۆسێر لەنێوان زمان و ئاخاوتن دا کردویەتی، دەگەینە ئەوەی بڵێین وتار روداوی زمانەوانییە. هەر تایبەت بەم لایەنە دەشێ ئەوەش بووترێ، گەر وتار رووداو بەرهەمبهێنێ ئ،ەوا دەکرێ وا لە وتار بگەین کە بریتییە لە مانا، بەڵام ئەو دەمەی ریکۆر گفتووگۆی روونکردنەوە و تێگەیشتن دەکات، وەك بەشێ لە تیۆری لێکدانەوە، شیکردنەوەی تایبەت بە نوسینیش نمایشدەکات کە هاوشانی شیکردنەوەی تێکستە، وەك کارێ لە کارەکانی وتار. بەپێی ئەوەش کردەی خوێندنەوە هاوشانی کردەی نوسینە، بۆیە گفتوگۆی رووداو و مانا کە جەوهەری بنەمای وتار پێکدێنێ، گفتووگۆیەکی پێویست تایبەت بە خوێندنەوە، لەنێوان تێگەیشتن یان ئیستیعاب و أوونکردنەوە، دێنێتەکایەوە. ئەلبەتە دوور لە سەپاندنی هاوشێوەیێ میکانیکی لەنێوان بنەمای ناوخۆی تێکست وەك وتاری نوسەر، و پرۆسەی هێرمێنۆتیك وەك وتاری خوێنەر، بەبۆچوونی ریکۆر، دەشێ بووترێ تێگەیشتن هەمان ئەو شوێنەی هەیە بۆ خوێنەر کە رووداوی سروشت هەیەتی بۆ گۆی وتار، هەروەها روونکردنەوە بۆ خوێندنەوە هەمان ئەو شوێنەی هەیە، کە سەربەخۆی تێکست و گۆ بۆ مانای بابەتی وتار هەیەتی. بەمجۆرە بنەمای دیالیکتیکی خوێندنەوە لەگەل بنەمای دیالیکتیکی وتار هاوتان. هاوکات ریکۆر جەخت لەوەش دەکات کە ئەوی ئێمە بۆ کەسێکی رووندەکەینەوە، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بۆ کەسێ تری رووندەکاتەوە و ئەمەش ناودەنێ مەیلی روونکردنەوە و تێگەیشتن بۆچوونەنێویەکدی. ئەوی لەم روەوە سەیرە ئەوەیە، کە ریکۆر هەولدەدا پێمانبلێ شوێنی بواری روونکردنەوە والەناو زانستە سروشتیەکان و هەرچی تێگەیشتنە شوێنی والەناو زانستە مرۆیەکاندا. بیریشمان نەچێ ریکۆر گرنگی بەو لایەنەشدەدا، کە دوالیزم لەنێوان روونکردنەوە و تێگەیشتن لە هێرمێنۆتیکای رۆمانسی دوانەیێ ئێپستمۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژییە. هاوکات سەرنجدەخاتە سەر ئەو لایەنەش. کە هێرمێنۆتیك لایەنی تایبەتە لە لایەنەکانی تێگەیشتن.

ریکۆر بۆئەوەی سێرکردنی دروستمان لەسەر دیالیکتیکی روونکردنەوە و تێگەیشتن بداتێ، وەك دوو قۆناغی پرۆسەی دەگمەن پێشنیاری ئەوەدەکات، کە دیالیکتیك سەرەتا بریتیە لە گواستنەوە لە تێگەیشتنەوە بۆ روونکردنەوە. دواتر گواستنەوە لە روونکردنەوەوە بۆ ئیستیعاب. سەرەتا تێگەیشتن بریتیە لە کردەی سادە و دواتر دەبێ بە کردەی ئالۆز، چونکە تێگەیشتن هەولە بۆ ئیستیعاب، بۆیە تێگەیشتن سەرەتا بریتیە لە پێشبینی و دواتر لە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی گەیاندن لە تێکستەکەدا. لەهەمانکاتدا بۆ ریکۆر ئەوەش جێی پرسیارە بۆ یەکەم کردە لە کردەکاتنی تێگەیشتن شێوەی پێشبینی وەردەگرێ؟ لەماوەوە ریکۆر ئاماژە بۆئەوەدەکات کە مانای گۆی تێکست، لەگەڵ مانای عەقلی، یان مەبەستی تێکستدا هاوکۆك نییە. تێکست بەبۆچوونی ریکۆر لاڵە و دەنگی نییە. نەك هەر ئەوە، بەڵکو پێوەندی نێوان تێکست و خوێنەریش هاوتا نابینێ. بەباوەری ریکۆر یەك لەم دوانەش (واتە تێکست و خوێنەر) بەناوی هەردووەوە قسەدەکات. تێکست وەك پارچە مۆسیقا دەبینێ و خوێنەریش وەك ئاوازدانەری ئۆرکسترا کە پێرەوی ئاوازسازیەکە دەکات. بەمجۆرە تێگەیشتن لە تێکست رووداوێ نوێ دێنێتەکایەوە. بەواتایەکی تربێت، ریکۆر لەوباوەرەدایە کە ئێمە پێویستمان بە پێشبینیکردنی مانای تێکستە، چونکە مەبەستی نوسەر شتێ نییە کە بەردەستبێ. پێشبینیکردنیش بۆ تێگەیشتنە، ئەمەش لەبەرئەوەی بەپێی تێزی ریکۆر بێ لەم نوسینەیدا ئێمەی مرۆڤ بۆئەوە پێشبینیدەکەین تا تێبگەین. لێ تایبەت بەملایەنە ئەوەش بۆ ریکۆر گرنگە لێبەئاگابین، کە ئەوەی پێویستە لەسەر تێگەیشتن پێشبینیکەین چییە. بۆ باسکردنی ئەم بابەتە دوو لایەنمان بۆ بەرباسدەخات. یەکەم ئەوەی کە روونکردنەوەی مانای گۆی تێکست، واتە رونکردنەوەی ئەم مانایە بەگشتی. ئەمەش لەسەر ئەو بناغەیەی کە شیکردنەوەی تێکست، کارێکە نەك شتێ نوسراو وەك وتار. دووەمیش ئەوەی کە روونکردنەوەی تێکستێ واتە روونکردنەوەی تاکانە.

٢-ململانێی لێکدانەوە

کارە فەلسەفی و هزری و رەخنەییەکانی ریکۆر بەربەرین و قووڵن و گەلێ پۆلی زانینی (نیشانەناسی،مرۆڤناسی، دەروناسی، زماننناسی ....و) دەگرنەوە و لەوسەرەوە وێنەێکمان لەسەر ریکۆر بۆ دروستکەن کە ناوبراو بیرمەند و روناکبیرێ فرەهزرە. ئەمەش وادەکات توێژینەوەکانی بەهەندوەرگرین و لە دووری بۆچوون و بینینەکانی تێرمانبکەین. ئەو ململانێیەی ریکۆر لەم نوسینەی، «» ململانێی لێکدانەوەکان»»٢، باسیلێوەدەکات ململانێی نێوان لێکدانەوەکانە، ئەم لایەنەش فێری ئەوەماندەکات لێکدانەوە رۆژئاوایەکان جیاوازن و بگرە کێشە و ململانێیێ زۆریش لەنێونیانایە. ململانێکانیش لەم توێژینەوەیەی ریکۆر، لەو شوێنەوە دەستپێدەکەن، کە بیری هێرمێنۆتیکی ریکۆر گەشەدەکات، هەربۆیشە ریکۆر لە هەمان شوێنەوە قسەیخۆی لەسەر بنەماخوازی دەکات، کە ئەوەش دەشێ واتەماشابکرێ کە جۆرە قسەکردنێکە لەسەر مۆدێلی زمانەوانی سۆسێر. لێرە نابێ ئەوەشمان بیرچێت، کە ئەم قسەکردنانە پاشتر روەو فەلسەفەی فینۆمێنۆلۆژی هۆسێرل رێدەگرنەبەر. ئەو دەمەش ریکۆر باس لە ریشەی هێرمێنۆتیك دەکات دەمانباتەوە ناو ئەم فەلسەفەیەوە، فەلسەفەی فینۆمێنۆلۆژی هۆسێرل، کە پێیواپە دەروازەیە بۆ فەلسەفەی فینۆمێنۆلۆژی هاوچەرخ. ئەو تێهەلکێشیەی ریکۆر لێرە کاری لەسەردەکات بۆ نوێکردنەوەی

گۆڤارێکی فکری رووناکبیرییە مانگ
جارێک دەردەچێت
ژمارە(٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

فەلسەفەی فینۆمێنۆلۆژییە و گرێدانەوەی بە قسەکردن لەسەر بوون. بەباوەری ریکۆر کێشەی هێرمێنۆتیك کێشەی زۆر کۆنترە لە کێشەی فینۆمێنۆلۆژی هۆسێرل. پێشیوایە بێسوود نییە یادکردنەوەی ئەوەی کێشەی هێرمێنۆتیك سەرەتا لە بواری باسکردن دەرکەوتووە، واتە لەبواری ئەو زانستەی بەخۆی دەڵێ زانستی تێگەیشتنی تێکست، تێگەیشتن لە تێکست لەمیانەی ئەوەی مەبەستیەتی، یان دەخوازێ بیڵێ. ئەگەریش باسکردن کێشەی روونکردنەوە بوروژێنێ، واتە کێشەی هێرمێنۆتیکی، لەبەرئەوەیە کە گشت خوێندنەوەی بۆ تێکست، هەرچەند بە ناوەرۆکیشەوە گرێدراوبێ. سەرچاوە لە ناخی نەتەوە و یان نەریتی ئەو نەتەوەیەوە هەڵدەگرێ. بۆ ریکۆر روونکردنەوە داوای تیۆریێ تەواومان لێدەکات لە نیشانە و مانا. کاتێکیش تێکستی بریتی دەبێ لە چەند مانایەك، رەنگە ماناکان مانای مێژووی یان مانای رۆحییان هەبێ، پێویستە پەنا بۆ واتایێك لە مانا بەرین، کە زۆر ئاڵۆزترە لەوی نیشانەکان لە گۆیە هاوبەشەکاندا هەیانە. بەبۆچوونی ریکۆر خودی کاری هێرمێنۆتیکی ئاشکراکردنی هەوڵێکە بۆ سەرکەوتن بەسەر دووری و دورای رۆشنبیریش، هەروەها ئاشکراکردنی ئەو لایەنەش کە هاوتاکردنی خوێنەر بە تێکست شتێ سەیرە.

بەقەولی ریکۆر روونکردنەوە نەیدەتوانی هێرمێنۆتیکای گشتی زیندووکاتەوە، گەر لەمیانەی گەشەی نوێوە نەبایە، ئەو گەشەیەش گەشەی فیلۆلۆژیای کلاسیك و زانستە مێژوویەکان بووە، کە لە کۆتای سەدەی (١٨)و سەرەتای سەدەی (١٩) دەرکەوتوە. ریکۆر باوەری بەوەشە کە بابەتی هێرمێنۆتیك لەگەڵ شلێرماخر و دلتای بوو بە بابەتی فەلسەفی. ئەوی بۆ دلتای گرنگبووە دەسترۆشتووی بە زانستی رۆح بدا ژکە هێندەی دەسترۆشتووی زانستە سروشتیەکان بێ. گەر کێشەکەش، ریکۆر وتەنی، لەسەر ئەم بناغەیە خرابێتەروو لەبەرئەوەبووە کە کێشەکە ئێپستمۆلۆژی بووە. مەبەستیش لێی دامەزراندنی رەخنەیەك بووە بۆ زانینێ مێژوویی لەگەڵ رەخنەی کانت بۆ زانین تایبەت بە سرووشت هاوتابێ.

سەرباری ئەوە، ریکۆر باس لە تامی هێرمێنۆتیکیش دەکات لە فێنۆمێنۆلۆژیدا و پێیشیوایە دوو رێگا هەیە بۆ سازاندنی هێرمێنۆتیك لە فێنۆمێنۆلۆژیدا. رێگایەکیان بریتیە لە رێگای ئۆنتۆلۆژیای تێگەیشتن، ئەلبەتە لەسەر شێوازی هایدیگەر، و ئەویتر بریتیە لە ئێپستمۆلۆژیای هێرمێنۆتیك کە ئەمەش بریتیە لە پووختەی هزر لەبارەی روونکردنەوەوە، لەبارەی رێرەوی مێژووی، لەبارەی شیکردنەوەی دەرونی، لەبارەی فێنۆمێنۆلۆژیای ئاین و.هتدەوە. بۆئەوەی بەتەواوەتی لە مانای ئەو شۆرشی هزرە بگەین، کە ئۆنتۆلۆژیای هزر پێشنیاریدەکات پێویستمان بەوەدەبێ یەکسەر لە زاراوەی پەرەسەندن لە «توێژینەوە لۆژیکیەکان»ی هۆسێرل بەرەو «بوون و کات» هکەی هایدیگەر برۆین و لەو شتەش بپرسین لە فێنۆمێنۆلۆژیای هۆسێرل، وەك ئاماژەیێ لەسەر ئەم شۆرشە هزرییە، خۆیمان بۆنیشاندەدا.

ئەوی کە پێویستە، بەقەولی ریکۆر، لەم حاڵەتەدا تەماشاکرێ هەلگەرانەوەی ئەو پرسیارەیە تایبەت بە ئۆنتۆلۆژیای تێگەیشتن دەکرێ. ئەم هەڵگەأانەوەیەش ئۆنتۆلۆژیای تێگەیشتن دەخاتە شوێنی ئێپستمۆلۆژیای هێرمێنۆتیکەوە. مەبەستیش لەمە دەربازبوونە لە گشت رێگایێ ئێپستمی تیۆری لە خستنەرووی کێشەکە و لەکۆتایشدا وازهێنان لەو تێگەیشتنەی کە دەڵێ هێرمێنۆتیك رێرەوێکی بوێرە، کە ململانێیێك بەرپادەکات، بە چەکی هاوتا لەگەڵ چەکی زانستە سرووشتیەکان.

بەباوەری ریکۆر دەشێ بپرسین کاتێ کێشەی هێرمێنۆتیك بە گوزارەگەلی ئۆنتۆلۆژی بخرێتەروو، شوێنی فێنۆمێنۆلۆژیای هۆسێرل لەکوێ دەبێ؟ ئەم پرسیارە ریکۆر وتەنی وامانلێدەکات لە هایدیگەرەوە دەستپێکەین و رەو هۆسێرل و هێرمێنۆتیکی هۆسێرل بە واتاگەلێ هایدیگەری برۆین. ئەلبەتە ریکۆر پێیوایە یەکەم شت لەو دەستپێکردنە روبەروویدەبینەوە کەدوا هۆسێر مەبەست لێرە هۆسێرلی خاوەنی کتێبی «»قەیران»»ە. ریکۆر پێیوایە لێرەوە پێویستە ئێمە لە بناغەی فێنۆمێنۆلۆژی ئەم ئۆنتۆلۆژیایە بگەرێین کە لای هۆسێرل ئامادەبوونی خۆی هەیە. ریکۆر پێیوایە بەمجۆرەبێ بەشداری لە هێرمێنۆتیك بەشداریێ دوو لایەنانەیە. لەلایەك دەبینین ٧ەخنەی «رێبازی بابەتگەری « لەدوا قۆناغی قۆناغەکانی فێنۆمێنۆلۆژی رووی لە دوا ئاکامەکانی کردوە. ئەم رەخنەیەش لە رێبازی بابەتگەری کێشەی هێرمێنۆتیك دەگرێتەوە. لەلایەکی تر دوا فێنۆمێنۆلۆژی هۆسێرل جۆرە رێگایێك لەبەردەم ئۆنتۆلۆژیای تێگەیشتن دەکاتەوە. ریکۆر لەو باوەرەدایە دوا هۆسێرل کە ئۆنتۆلۆژیای تێگەیشتنی خستوەتە جێی ئێپستمۆلۆژیای هێرمێنۆتیك، دەبینین هۆسێرلی یەکەم لە «توێژینەوە لۆژیکیەکان» ەوە بەرەو «تێرامانە دێکارتیەکان» رۆشتووە و ئەمەش جێی گومانە. ریکۆر پێیوایە هۆسێرلی یەکەم تەنیا ئیدیالیزمی نوێی دوبارەسازاندوەتەوە نزدیك لە کانتیەتی (مەبەست ئیمانوێل کانتە) نوێ کە دژایەتیشی دەکات. کەواتە هۆسێرلی یەکەم بەرەو جۆرە ئایدیالیزمیك دەروات هەرچی دوا هۆسێرلە بەرەو ئۆنتۆلۆژیا دەروات. لە قۆناغی یەکەمدا هۆسێرل کارلەسەر مانای بوونەوەر دەکات، بەلام لە قۆناغی دووەمدا هۆسێرل بەرەو شتێدەچێ کە ئاماژەیە لەسەر سەرنەکەوتنی لە قۆناغی یەکەمدا.

لەهەمانکاتدا ریکۆر جەخت لەوەشدەکات کە سەرنج خستنەسەر لایەنی سیمانتیکی (دلالی) لە پۆلی هێرمێنۆتیك، کارێکی بێفیرۆ نییە. ئەمەو داکۆکی لەولایەنەش وەك هەموو کاتێ دەکاتێ کە گشت تێکستێك چەندین مانای تێدایە. بۆ ریکۆر گشت ئەو مانایانەش لە چوونەنێویەکدیدان لەتەکیەکدا. پێشیوایە شلایرماخر و دلتای فێری ئەوەیان کردوین کە تەماشای تێکست و بەلگەنامە وەك ئەوەبکەین، کە گوزارەی ژیانین و نوسین جێگیریانیکردوە. ئاماژە بۆئەوەشدەکات کە چۆن لای نیچە بەها دەبێ بە گوزارە بۆ هێز و لاوازی ویست

والا
ئاپا
گۆڤارێکی فکریی وەرزییە
ژمارە (٣٧)
شوباتی ٢٠١٣ ساڵی هەشتەم

بۆ هێز که ئەم لایەنەش پێویستە یان شایانی لێکدانەوەیە. بەمجۆرەش فەلسەفە دەبێ بە لێکدانەوەی لێکدانەوەکان. هەر تایبەت بەم لایەنە ڕۆلی فرۆید هەڵدەسەنگێنێ کە چۆن ئەوەش ئاشکرادەکات کە شاراوە و نادیارە. واتە کاری فرۆید گواستنەوەی مانا شاراوەکان، یان چەپێنراوەکان بووە بۆ ناو دونیای ئاشکرا و دیار. فرۆید ئەم لایەنەشی لە بواری ڕۆشنبیری و ڕەوشت و ئاین دا دۆزیوەتەوە و ڕۆلیشی بەرزدەنرخێنێ لە دەرخستنی ماناکان و لەماوەشەوە هاوشانی نیچەی دەکات. لێ ریکۆر مانای سیمبۆلی (هێمای) دەداتە پاڵ ئەم جۆراوجۆریەی ماناوە و بەقەولی خۆشی مانای بەرتەسکتر دەداتەپاڵ هێما لەچاو هەندێ لە نوسەرانی تر، چونکە ئەوان هێما وەك نیشانە دەبینن بۆ تێگەیشتن لە واقیع، کە دەکرێ ئەوە لە ئاین یان ئەفسانە و تەنانەت زانستیشدا هەبێت، بەڵام مانای بەرینتر دەداتەپاڵ هێما لەچاو ئەو نوسەرانەی مانای هێما لە پێوانەدا کورتدەکەنەوە. کە ئەمەش دەستپێکەکەی لە ڕەوانبێژی یۆنانیەوەیە یان لە نەرێتی ئەفلاتوونیزمی نوێوە. بۆ ریکۆر ئەوی هێمایە لە دوو مانا پێکدێ: مانای ڕاستەوخۆ و مانایٚ ناڕاستەوخۆ و گرنگیش بە مانای یەکەم دەدا. بۆئەوەی چۆنیەتی کارکردنی هێماشمان بۆ لێکداتەوە ڕۆشنای دەخاتەسەر ئەو لایەنەی لێکدانەوە بریتیە لە کردنەوەی مانای مانا شاراوەکان لەناو مانا دیارەکان. بەمەش لێکدانەوە وەك کارێ بۆ ئاشکراکردنی مانا چەپێنراوەکان دەستنیشاندەکات.

دواتر دێتەسەر هایدیگەر و باس لەوەدەکات چۆن ئۆنتۆلۆژیای زانین لەسەر دەستی هایدیگەر دەردەکەوێ، ئەڵبەتە وەك کودەتای لەناکاو کە ئەم ئۆنتۆلۆژیایە لە لێکدانەوەی بوونەوە بەرەو زانین هەنگاو دەنێ. ئەمەو ئەم ئۆنتۆلۆژیایە کە هایدیگەر نەخشە ڕێگاکەی داناوە لە چوونەنێو یەکدیدایە لەتەك ڕێرەوی هێرمێنۆتیك (لێکدانەوە) دا. کە باسیش لە ململانێ لەنێوان لێکدانەوە پێشبڕکێ ئامێزەکان دەکات پێیوایە تەنیا لەوێدا دەرك بە بوونی بوونەوەری لێکدەرەوە دەکەین. کاتێ ریکۆر باس لە پێوەندی نێوان هێرمێنۆتیك و نەرێت دەکات بۆئەو مەبەستە باس لە دوو زەمەن دەکات وەك ئێکخەری پێوەندیەکە کە بریتین لە زەمەنی ناردن و زەمەنی لێکدانەوە و جەخت لەوەشدەکات کە هێرمێنۆتیك مێژوویێکی خۆی هەیە و ئەم مێژووەش بەشێکە لە نەرێت. ریکۆر وتەنیش لێکدانەوە لە هییچەوە نایێتەدی. ئەمەو ریکۆر بۆئەوەی ڕوونکردنەوەی خۆی لەسەر ئەم دوو زەمەنە بەردەستخات زەمەنی سێهەممان بۆدەستنیشاندەکات و ناویدەنێ زەمەنی مانا. سێهەم زەمەن لە دیدی ریکۆر شیاوی بۆ یەکگرتنەوەی ئەو دوو زەمەنەش شیاودەکات. بۆ ریکۆر ئەوەش مایەی پرسیارکردنە کە چۆن لە زەمەنی مانا دەگەڕێین؟ بۆئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، جارێتر دەگەڕێتەوە سەر واتای هێما و پێشیوایە مانا لەڕێگای ماناوە دەردەکەوێ، چونکە لە هێمادا مانای کۆمەڵایەتی، مادی هەیە و ئەوەش بۆ مانای میتافۆری، ڕۆحی، بووناوی و ئۆنتۆلۆژی دەگۆردرێ. هەرتایبەت بەم لایەنە، دەکرێ بووترێ کە ئەوی زۆر سەرنجراکێشە لە بینینەکانی ریکۆر تایبەت بە هێما ئەوەیە، کە هێما شوێن بۆ هزر جێدێڵێ و دەست یارمەتی بۆ لێکدانەوە درێژدەکات.

ئەو کاتەش کە ریکۆر باس لە لێکدانەوەی هێما دەکات و لە ئەفسانەی جیادەکاتەوە، پەنا بۆ بنەماخوازی و بەتایبەت ئەنترۆپۆلۆژی بنەماخوازی لیڤی شتراوس دەبات بەس ریکۆر ئەمە لەسەر ئەو بناغەیە ناکات، کە ناکۆکی بخاتە نێوان هێرمێنۆتیك و بنەماخوازییەوە. جەختیش لەوەدەکات کە بنەماخوازی سەر بە زانستە و لێ هێرمێنۆتیك ڕێبازی فەلسەفییە. گەر بنەماخوازی هەولی دامەزراندنی مەودا و بەدیهێنانی بابەتێتی بدا ئەوا، بیری هێرمێنۆتیکی هەولی نقوومبون لە بازنەی هێرمێنۆتیکای تێگەیشتن و باوەڕ دەدا. هەرلەبەرئەوە ریکۆر سەرنجمان بۆ ئەو لایەنە رادەکێشێ، کە ناشێ لەنێوان ئەم دوو لایەنە نزیکایەتی دروستکرێ، چونکە دوو ڕێگان بۆ تێگەیشتن. گومانیش لەوەناکات کە بنەماخوازی ڕێرەوێ زمانەوانییە و لەو پێرەوکردنانەوە هەڵقولاوە کەلەسەر ئەنترۆپۆلۆژی و زانستەمرۆییەکان پیادەدەکرێ. بۆئەوەی کارلەسەر سەر ریشەی بنەماخوازی بکات دەگەڕێتەوە لای زمانەوانی سویسری فردیناند سۆسێر و کارە زمانەوانییە ناسراوەکەی « وانەکان لەمەر زانستی زمانەوانی گشتی» ئەمەو جگەلە کارە زمانەوانییە دەنگییەکانی ترۆبستکۆی، جاکۆبسۆن و مارتینی. ئەمانەش بۆ ریکۆر ئەو کەسانەن کە کودەتایکیان لەپێوەندی نێوان سیستم و مێژوو پێکهێناوە. ئەو کودەتایەش لەبیرناکات کە سۆسێر لەبواری زانستی زمانا بەرپایکردوە، ئەوەش بەجیاوازیکردن لەنێوان زمان و ئاخاوتندا.

کە دێتیشە سەر ئەنترۆپۆلۆژی بنەماخوازی لیڤی شتراوس، سەرنجدەخاتەسەر ئەو لایەنەی کە ئەنترۆپۆلۆژی بنەماخوازی زانستە نەك فەلسەفە. ئەو مۆدێلە زمانەوانیەش، بەقەولی ریکۆر، لە دەم و وەختی نوسینی کتێبی «ئەنترۆپۆلۆژی بنەماخوازی» زاڵبووە لەسەر دەستی لیڤی شتراوس دەگۆردرێ بۆ ئەنترۆپۆلۆژیایێ بنەماخوازی، ئەمەش شایانی ئاوردانەوەیە. ئەو کودەتا دەنگیەش کە مۆدێلی زمانەوانی بەرپایکرد، لەم نوسینەی لیڤی شتراوس مانای خۆی هەیە و لەگەلێ شوێن لیڤی شتراوس لەسەری وەستاوە. ئەو سیستمی خزمایەتیەی لیڤی شتراوسیش باسی لێوەکردوە، ریکۆر ووتەنی، سیستمی دەنگی لای لیڤی شتراوس دروستکردوەو ئەوەش کە وادەکات مۆدێلی زمانەوانی بگوێزرێتە ئەنترۆپۆلۆژی بنەماخوازی، سیستمی خزمایەتیە. کەوابێت سیستمی خزمایەتی بەپێی لێکدانەوەکانی ریکۆر، کە ئەمەش سەرچاوە لە لێکدانەوە بنەمابیەکانی لیڤی شتراوسەوە هەڵدەگرێ، بریتیە لە سیستمی گەیاندن. کەوابێت لە دیدی لیڤی شتراوس سیستمی خزمایەتی زمانە لێ زمانی، گەردوناوی نییە. خودی زمانیش لەناو لێکدانەوەکانی لیڤی شتراوس

خۆی وەك سیستمی مانا نیشاندەدا. جەختی لیڤی شتراوس لە لێکدانەوە بنەماییەکانی لە بنەمای دەنگی زمان گرنگی خۆی بۆ ئاوردانەوەکانی ریکۆر هەیە و هەرلەوێشەوە ریکۆر بینینەکانی تایبەت بە تایبەتێتی بنەماخوازی لیڤی شتراوس دەخاتەروو و کاریش لەسەرئەولایەنەدەکات کە چۆن لێکدانەوە بنەماییەکانی شتراوس بەشێکن لە ململانێی نێوان لێکدانەوەکان. ئەمەو بەپێی سێرکردنی هێرمێنۆتیکی ریکۆر و کارکردنی لەسەر چۆنیەتی کەوتنەگەری مۆدێلی زمانەوانی بنەماخوازی لە لێکدانەوەکانی لیڤی شتراوس و بەتایبەت لە «هزری کێوی» دا ئەوەمان بۆ روونده‌بێتەوە کە بنەماخوازی هەلاوگۆرانی بەسەرهاتووە. ریکۆریش ئاماژەی بۆ ئەم لایەنەکردوە، کە چۆن بنەماخوازی لە هزری لیڤی شتراوس لە زانستی بنەماخوازیەوە دەگۆردرێ بۆ فەلسەفەی بنەماخوازی. ئەلبەتە بۆ ریکۆر گرنگە جیاکردنەوەی هێرمێنۆتیك لە بنەماخوازی و سەرنجیشدەخاتە سەرئەوەی کە ئەنترۆپۆلۆژی بنەماخوازی رێبازی زانستییە و هێرمێنۆتیك رێبازی فەلسەفییە.

ریکۆر بە گەرانەوەکانی بۆ دیلتای بۆ شیکردنەوەی واتای هێرمێنۆتیك، ئەوەمان لا یەقیندەکات، کە بیرۆکەی هێرمێنۆتیك بریتیە لە زانستی رێسای روونکردنەوە کە سەرەتا لە تێکستە تەوراتیەکانا گەشەیکردوە و دواتر بەرەو تێکستە دونیاییەکان رۆشتووە و جەختیشلەوەدەکات هێرمێنۆتیکەکان جیاوازن. هەر لەسەر رێچکەی دیلتای قسە لە هێرمێنۆتیك دەکات وەك هونەری روونکردنەوە، یان لێکدانەوەی ئەو بەلگە مرۆییانەی بۆمانماونەتەوە و کە نوسینیش پاراستوونی. ریکۆر پێیشوایە ئەو هەنگاوە باشەی هێرمێنۆتیك ناویەتی ئەوەیە، کە لە هەمە و بەش و لەویشەوە بۆ تەفاسیل رووینراوە. زۆربەی ئەوانەش کاریان لەبواری هێرمێنۆتیکدا کردوە دانیانبەوەناوە تێکست فرە مانایە. تەنانەت ریکۆر فرەمانای تەنیا لەو چوارچێوە تەوراتی یان دونیاییە سنوردارناکات کە هێرمێنۆتیك کاریلەسەرکردوە، بەلکو سنوری بەرینتردەکات و گرێشیدەداتەوە بە زانستەکانەوە ( بۆنموونە: فینۆمێنۆلۆژیای ئاینی یان شیکردنەوەی دەرونی و رەخنەی ئەدەبی). ئەم تێگەیشتنە ریکۆر بەرەو ئەوەشدەبا کە جەخت لە بوونی جۆراوجۆری لە تەکنیکی لێکدانەوە بکا بۆیشە، هەروەك لایسەرەوە ئاماژەی پێکرا هێرمێنۆتیکەکان جیاوازن. ئەم جیاوازیەش نیشانەیە لەسەر جۆراوجۆری لە بەکاربردنی لێکدانەوە.

کاتێ ریکۆر قسە لە پێوەندی نێوان هێرمێنۆتیك و شیکردنەوەی دەرونی دەکات دەگاتە ئەو شوێنەی بلێ: شیکردنەوەی دەرونی بۆئەوانەی کەسێتیان فینۆمێنۆلۆژی، فەلسەفەی بووناوی، نوێکردنەوەی دیراساتی هیگلی و زمانەوانی سازاندویەتی لەرینێ گەورەیە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەأێنێتەوە کە نەك هەر ئەم ئاراستەی فەلسەفی پان ئەویتر کەوتوەتەژێر کاریگەری شیکردنەوەی دەرونیەوە، بەلکو گشت پرۆژەی فەلسەفیش لەژێر کاریگەری شیکردنەوەی دەرونی بووە. جا ریکۆر پێیوایە لەو شوێنەی فەیلەسوفی هاوچەرخ رێکەوتی فرۆید دەکات رێکەوتی نیچە و مارکسیش دەکات. ئەلبەتە ئەم سێ کەسەش خۆیان وەك قارەمانی گومان و دامالەرانی پەچە نیشانی ئەم فەیلەسوفە دەدەن. نکولیش لەوەناکات کە ئەوی فرۆید لەبواری راڤەکردنی ئاگای کردویەتی، هیچی کەمتر نییە لە کارەکانی نیچە و مارکس و هەر سێکیشان بلیمەتانە ئەو ئاگاییە ساختەیەی مرۆڤیان راڤەکردوە، کە پێشتر نەکراوە. ئەم سێ راڤەکەرە ریکۆر وتەنی هێرشی گەورەیان کردوەتەسەر ورێنە و راڤەکردنی مرۆڤی هاوچەرخ. ئەمەو ئەم سێ بیرمەندە ئەوەیان رەتکردوەتەوە پێیدەلێن ورێنەی ئاگای خود. ریکۆر وتەنی ئەو فەیلەسوفانەی لەژێر کاریگەری دێکارت بوونە بە گومانکاری خود ناسراون، بەس ئەم سێ بیرمەندە گومانیان خستەسەر ئەو خودەی گومانکاربوو، واتە لە گومانی خودەوە بۆ گومان لە ئاگای خود. هاوکات ئەوی ئەم سێ گومانکارە کردویانە وێرانکردنبووە. کەوابێ ئەم سێ کەسە ئاسۆ لەبەردەم ئاخاوتنا دەکەنەوە و شوێنێ تر بۆ سەروەری راستی دابیندەکەن. دیارە ئەوەشکراوە نەك تەنیا لەرێگای رەخنەی وێرانکار، بەلکو لەأێگای داهێنانی هونەری هێرمێنۆتیکیش.

لەگەل ئەمە بەبۆچوونی ریکۆر کێشەی نوێ سەریهەلدا ئەوەش کێشەی درۆی ئاگاییە یان ئاگایی وەك درۆ.بەلام ریکۆر باس لەوەشدەکات کە ئەم کێشەیە ناکرێ وەك کێشەی تایبەت بمێنێتەوە لەنێوان کێشەکانی تردا. گومانیش لەوەناکات ئەم کێشەیە، واتە ئاگایی، سەرچاوەی گشت مانایەك نەبێ. ئاماژە بەوەشدەکات کە بابەتی ئاگای ئالۆزە، هەروەك بابەتی نائاگایی، بەلام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنی بۆ ریکۆر کە بواری قسەکردن لەسەر ئاگای کۆتایهاتبێت، بۆیە بەقەولی ریکۆر گشت ئەوەی پاش فرۆید دەشێ لەبارەی ئاگاییەوە بووترێ ئەوەیە، کە ئاگایی ئەرکە. گەر بشزانین ئاگایی پێویستە لەم حالەتەدا مەرجە بپرسین چ مانایەك دەشێ بدرێتە پال ئەم ئەرکە؟

Paul Ricoeur.Interpretation Theory:.١
Discourse and the Surplus of Meaning. Preface
,Ted Klein. Fort Worth: Texas Christian Press
.١٩٧٦
Paul Ricoeur.The Conflict of Interpretations:.٢
Essays in Hermeneutics, ed. Don Ihde, trans.
Willis Domingo, Foreword Bernard P.
,Dauenhauer : Northwestern University Press
.٢٠٠٧